**کوردانە چیرۆک...**

گەر ڕۆژ و شەو
سێ بۆ پێنج کەڕەت
پێنج بۆ حەوت ڕەکەت
لە سەر بەڕماڵی نیشتمان
نەوای ئازادی بەرگوێ کەوتبا

گەر ساڵ و هەموو ساڵ
سی ڕۆژ و سێسەدوسی
ڕۆژوو
لە گوتنی زمانی
عەجەم و عاڕەب و تەتەر گیرابا

گەر ساڵ دوازدە مانگ
نە کەعبەی ئێرە و ئەوێ
مەزاری سەربازی ون
لە ژێر دار و بەرد و سەر شاخ
زیارەت کرابا

گەر ساڵ و گشت ساڵ
نە قوربان
جەژنی بوونی ئاژەڵ
لە مەزرا و باخان
گیرابا

گەر ماڵ بە ماڵ
نە ڕەمەزان
جەژنی بوونی مرۆڤ
لە هەر وەرزی ساڵ
گیرابا

گەر ساڵ دوای ساڵ

نە سەرفترە، زەکات و سەدەقە
یەکسانی، تێگەیشتن
کەرامەت
دابەشکرابا

گەر سەدە و هەزارە
نە بۆجیهاد
بۆ ئازادی
باوەڕی تاک و کۆ
هاوار کرابا

گەر ڕۆژ، ساڵ و سەدە، هەزارە
نە بۆ دورگەی دووردەست
بۆ دوندی چیا
دەشت و پێدەشتی وڵات
کڕنۆش برابا

گەر کورد
نە ڕوو لە ئاسمان
ڕوو لە زەوی خۆی دیتبا
هەمە ڕەنگ خۆی گرتبا
ئەستێرەی کیانی لە سەر زەوی
دەدرەوشایەوە!

برایم فەرشی
بەرەبەیان - ٢٠٢٢/٥/٢٨